kurdistanmedia چنوور قادری :

***com.vokradio***

وتووێژ لەگەڵ خاتوو سورەیا فەلاح (بەشی دووهەمو کۆتایی)

1387-05-31

ههڤپەیڤین: چنوور قادری



بێگومان بەڕێزتان ئاگاداری بارودۆخی ژنانو بزووتەی مافخوازی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستانن، سەرەڕای زەختو گۆشارێکی زۆرو بێرادەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ژنانو چینو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، بەڵام ژنان ئێستا خاوەنی دەیان هێزو رێکخراوی نادەولەتیو مەدەنینو هەر چەند ئاستەنگو بەربەستی زۆریان هەیە، بەڵام لە خەباتو تێکۆشان رانەوەستاون، ئێوە بە گشتی بارودۆخەکە لەم پارچەیەی کوردستاندا چۆن دەبینن؟
ئەم خەباتو تێکۆشانە لە چەند بوارەوە جێگەی لێوردبوونەوەو لێکۆڵینەوەیە، کاتێکی زۆرە لەگەڵ نووسەرانو زانایانی رۆژهەڵاتناس لە سەر پرۆژەی ئێرانو ژنی کورد بە دوای دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەوەم کە ئایا کاتی ئەوە گەیشتووە کە ژن لە ئێرانو بەتایبەت لە کوردستاندا ئەیەوێت نیزامی پێشوو بخاتە لاوەو نیزامی یەکسانی جێگر بکات؟ ئایا بزاڤی فێمینیستی بەڕادەیەکی پێویست دروست بووە؟ ئایا ژن هەنگاوی پێشکەوتووتری لە پیاو هەڵگرتووەو ئەچێتە پێش؟و هتد... وەڵامی چەند پرسیارم ئەرێیەو وەڵامی چەندیان نەرێ.

بەڕای من ئەم بارودۆخە لەم پارچەی کوردستاندا بە خێراییەکی دیارکراو ئەچێتە پێشو هەورازو نشێوێکی زۆر بەخۆیەوە ئەبینێت، بەڵام لە رێگەیەکی دێموکراتیكو خەڵكیدا. پلۆرالیسمێکی زۆری تێدایەو تیاشدا دەبێت کە خۆ پەرەستی بە مەبەستی تاکایەتی بەکار بهێنرێت. بەڵام زۆر پێشکەوتووەو خەریکی دۆزینەوەی ئایدنتیتی خۆیەتی. من پێم وایە کاتێك کە ژن توانی لە هەرێمێکی ژێردەستو لە ژێر یاسای نایەکسانو رەگەزخوازدا کارو چالاکی بەردەوام بەڕێوە ببات، بەرەو ئەوە دەڕوات کە ئیتر بە زوڵمو زۆرو توندوتیژی قایل نەبێتو بەرانبەری راوەستێ.

بزووتنەوەی ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی کە رۆڵی سەرەکیی خۆی لە نێوخۆو دەرەوەدا بگێڕێتو چالاكو ئەکتیڤتر بێت، دەبێ چ هەنگاوگەلێك هەڵبگرێت؟
من لە ناو زۆر لە پرسیارەکانی دیکەدا وەڵامی ئەوەم داوەتەوە، بەڵام بە کورتی ئەتوانم بە چەند مەسەلەکە ئێستا لە بزاڤی جیهانیی ژنان بۆ گەشەسەندن هەیە، ئاماژە بکەم:
1ـ پلانی پێکهێنانی "Linkage"و پێوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکە.
2ـ پلانی کار لە سەر "Business Leadrship"، واتە رێبەرایەتیی ئابووری.
3ـ پلانی فێر کردنو فێر بوون کە کارێکی سەرەتاییو بنەڕەتیی کولتوورییە.
4ـ پلانی بەشداری لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکاندا کە هەموویان بە جۆرێك ئەگەڕێنەوە سەر بارودۆخی سیاسی لە ئێران، وەك کەمپەینی راوەستانی بەردباران بۆ هەمیشە ( Stop Stoning Forever) یان کەمپەینی یەك میلیۆن واژۆ بۆ بەرابەری ( One Million Signature For Equality).
خۆکوژیو خۆسووتاندنی ژنانی لە هەموو پارچەکانی کوردستانو بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە دیارەیەکی باوو رۆژانە گوێبیستی هەواڵی دڵتەزێنی خۆکوژی یان خۆسووتاندنی یەك یان چەند کچ یان ژنی کوردین. هۆکارەکان چینو رێگاچارەی بنەڕەتی بۆ

بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە چین؟
ئەم دیاردەیە ئەشێ لە چەند روانگەوە لەبەرچاو بگیردرێت.
1ـ یاسا: هەلویستێکی کونسێرواتیڤو یاسای دەستو پێگیری کۆمەڵایەتی، نەبوونی پشتگیرییەکی یاسایی بۆ ژنان، کە ژنانی توێژی بندەست لێی بێخەبەرن یان کە بە شتێکی ئاسایی دادەنێن. هەروەها نابێ رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگا لە بیر بەرینەوە. ئایین لە ئێراندا کە دڕووستکەری یاساکان بووەو زۆربەی یاساش بەرانبەر بە یەکسانیی ژنو پیاو راوەستاوە. ژن بە هاووڵاتیی دەرەجە دووهەم دادەنێتو لە کاتی شەڕو کێشەی بنەماڵەی لە مەحکەمە لە ژن بەرگری ناکات.
2ـ رۆڵی دەسەڵات: لەبەرچاوگرتنی گوشارو زوڵمی زیاتری پاش هاتنە سەر کاری سەرۆك کۆماری تازەی کۆماری ئیسلامی، ئەحمەدی نەژاد بوونی توندو تیژی زۆر زیاترەو کۆنسێرواتیڤتر بوونی کۆمەڵگا بەهۆی بەڕێوەبردنی ئایینو مەزهەبە. شێوەی ئەحمەدی‌نەژاد میکانیزمێکە لە بەرانبەر سیستمی پیاوسالاردا. بۆ ساپۆرتی ئەم بوارە دەتوانم ئیشارە بە راپۆرتی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان (RMMK) بە سەرۆکایەتیی کاك محەممەد سدیقی کەبوودوەندو رێکخراوی ژنانی کورد بۆ بەرگریی لە ئاشتییو مافی مرۆڤ (AKWPPRMR) بکەم کە تەنیا لە 9 مانگدا، 150 ژن لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا کە کورد تێدا دەژین، دەستیان داوەتە خۆکوژی داوەو زیاتریان خۆیان خستۆتە نێو ئاور.
3ـ رۆڵی کۆمەڵگا: لە لێکۆلینەوەدا ئەم ژنان دەکەم بە دوو بەش: بەشی زۆرینەو بەشی کەمینە.
بەشی زۆرینە: زیاتر یان گەنج بوونو تەمەنیان لە نێو 14 تا 30 ساڵدا بووە یان خوێندەواریان نەبووە یان کەم خوێنەوار بوونو ژنانی چینی بندەست بوون. لە وتووێژ لەگەڵ ئەو ژنانەی رزگاریان بووە، لەم کارەساتە، زیاتریان لە توندو تیژی ماڵەوە، زۆرو زوڵمی یەکێك یان گشت بنەماڵەکە، نەیەکسانیی کۆمەڵایەتی، نەبوونی هیواو ئاواتێك بۆ داهاتوو دەرەجەی سەرەوەی نیگەرانیو خەمو ترس ناو لێی ئەبەن.
لە بڕێك لە کاتەکاندا بە هۆی نەبوونی خوێندەواری کە ئەویش خۆی هۆیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، ژن تووشی گیرو گرفتێك بووەو پاشان دەستی داوەتە خۆکوژی، بۆ نموونە ژنێك بە هۆی نەبوونی خوێندەواری مۆڵەتو ئیجازەی ژن هێنانی مێردەکەی واژۆ کرد. پاشان کە زانی چی کردووە، خۆی سووتاندن.
فۆرمو شێوەی هاوبەش لە توندو تیژی خێزانیو ناوخۆیی وەکوو بە زۆر بە شوودانی کچ، لێدان، نەبوونی سەربەخۆیی لە بواری ئابوورییەوە، نەهێشتن بۆ رۆیشتن بۆ فێرگە و زانستگە. کەمیی پارەی کاری کرێکاری، توندو تیژی لە سێکسدا، داگیر کردنی جینسی (تجاوز بە عنف) ئارامیی لە ژیانی زۆر لە ژنان هەڵگرتووە.
بەشی کەمینە: ژنی خوێنەوار، لەم ساڵانەدا، پاش ساڵی 2000، ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان رۆڵێکی دیکەیان لە کۆمەڵگادا گرتە بەر. بڕێکی زۆر لە ژنان چوونە بازاڕی کارو بەشێکی زۆریش تێکەڵی کاری رۆشنبیریی وەك شێعرو ژۆرنالیسمو فیلم دروستکردنو مۆسیقا. لە لایەکی دیکەوە، یاسا رەگەزخوازییەکانی ئێران بەرانبەر بە ژن، توندو تیژی سیستمی پیاو سالاری بەرانبەر بە ژنو چەمكو بیرۆکەی ئەخلاقیی گشتییو تاکەکەسی، بەتایبەت بەرانبەر بە ژن زۆر ژنی ناچار بە کوشتنی خۆیان کرد. زیاتریان لە رێگەی ئازارو زەخت بەرانبەر بە جەستەی خۆیانن وەك سووتاندن.
لە لێکۆڵینەوەیەکی لە روانگەی دەروونناسییەوە ئەتوانم هەروەك باسم کرد، ژنێك بەو کارە پەیامێکی تری بۆ کۆمەڵگاو بۆ بنەماڵەکەی هەیە. ناسینی ئیپیدیمیك بوونی ئەو رووداوانە بە دوای یەکدا زۆر گرینگە. لەوانەیە دەشێت وەك نەخۆشییەکی کۆمەڵگا تەماشای بکرێت، یان ئاسان دۆزینەوەی شتێك وەك نەوت کە خۆیان بسووتێنن، یا فێر بوون لە یەکترینو پەیدا کردنی ئازایەتی بۆ راکردنو دەرچوون لە خەفەتی گەورەیە، کە چارەسەر

کردنەکەی نازانن.
ئەمە میکانیزمێکی مەنفیو نەرێنییە. وەك ڤیژەیەك بەرانبەر بە خراپیو نەناسینی کەمترین خەتای یاساییو نەبوونی بەرانبەری.
پ: لە جیهاندا یەکێك لە مەسەلە سەرەکییەکان، مەسەلەی ژنانە. ئێمەی کوردیش دەبێ خۆمان لەگەڵ ئەم نۆرمە جیهانی‌یە رێك بخەینو بۆ ئەم رەوتە کار بکەین. بۆ ئەم مەبەستە ئەرکی زۆر گرانو بەرپرسانە دەکەوێتە سەر شانی بنەماڵەکان، خوێندنگاکانو کۆمەڵگاو لە لایەکی دیکەوە تاك (چ ژنو چ پیاو). ئەو ئەرکانە چینو دەبێ چ بکەین؟
ژنان لە زۆر لە وڵاتەکاندا پیشانیان داوە کە دەتوانن رۆڵێکی گەورەیان لە سەرەکیی کردنی پرسی خۆیان هەبێت. هەروەها ژنی کوردیش رۆڵێکی زۆری لە بزووتنەوەی سیاسیو نەتەوەیی کورددا هەبووە. ئەمەش چ بە پێشمەرگە بوون یان لەگەڵ پێشمەرگە بوون بووەو چ بە بەشداریی سیاسی کە چەکی تێدا نەبووە. بەڵام بڕوای زۆربەی ئێمە جیا کردنەوەی سیاسەت جێندەر دەربهێنرێت، بەشێك لە کێشە یەکسەرە کردنی مەسەلەی ژن بەرهەم دێت. من لە سەر ئەم بروایەم کە مەسەلەی ژن لە کوردستان پرسێکی سیاسیی‌یە، ژنان لەم ئەرکەدا گرنگترین ئەرکیان هەیە. ژن ئەشێ بۆ ژن کار بکات، ئەو بەشە لە ژنان کە بە هۆی خوێندکاریو فێربوونەوە بەشداریی پرسی ژنانە، بە هۆی چەوساوەیی کۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە کاتی فێربوون مافە رەواکانیان نەبووە. فێر بکات، مومارەسەی ئازادیوئازادی ویستنو ئازادانە فێر کردن، لەم رێگایەدا زۆر جار بە هۆی ترسێکی زۆر کە لە ژندا بەرانبەر بە بەشداریی لە کۆمەڵگاداو دەنگ هەڵبڕین دروست کراوە، لەوانەیە ژن پێویستی بە یارمەتی بێت.
بەشی دووهەم بۆ دەرکەوتنو پیشاندانی ئەم بەشدارییە بە دەست کۆمەڵگایە، ئەشێ بەشداری کردنیان بەرچاو بخرێتو رۆڵی ژن ئەشێ وەك هاوشانی پیاو دیاری بکرێت.
رۆڵی پیاو زۆر رۆڵێکی تایبەتییە. من ساڵی رابردووش لە ... کۆنفرانسەکە کە زۆر لە سەر بەشداریی پیاو لە پرسی ژن پێداگریم کردبوو (Mens Participation in Women). لە بەشەکانی کوردستان خەڵك بیروبڕوای ئایینیان هەیەو پیاوان نەیانتوانیوە بەرانبەریو یەکسانیی نێوان ژنو پیاو وەك خاڵێکی سەرەکی لە ژیاندا قبووڵ بکەن. لەو کاتەدایە کە ژن لە نێو بنەماڵەکە یا دەتوانێ ئازادانە بەشداری لە کاری کۆمەڵایەتی، کولتووریو سیاسی بکات. لە زۆر لە کۆمەڵگاکاندا مافی مافێکە کە پیاو لە... خۆیدا دەبینێتو مافی کار بۆ ژنان ئەشێ لە لایەن پیاوانەوە دەرچێ! هەر بۆیە یارمەتیی پیاوان وەك مێردو برا پێویستە.
هەروەها لە بواری دەروونناسییەوە، لە دەستدانی هەرێمی "Territoty" دەسەڵاتداریان لە ناو بنەمەڵەیە. بەڵام هۆشیاری لە چالاکی لە لایەن خەباتگێڕانەوە ئەمە دەگۆ

سرچاوه:http://www.kurdistanmedia.com/kurdi/scl/file/94.php